لە نزیک گوندی گەمەزە لە سنوری پارێزگای سلێمانی درێنک کەوتۆتە خوارەوە

قائیمقامیەتی دوکان رایگەیاند، ئەمڕۆ لە نزیک گوندی گەمەزە لە سنوری ناحیەی بنگرد درێنک کەوتۆتە خوارەوە، دوای ئاگادار کردنەوەش هێزە ئەمنییەکان گەیشتونەتە شوێنی ڕووداوەکە، ئەوەش دوەمین درێنە کە لەو شەوی ڕابردوەوە لە خاکی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە خوارەوە.

قائیمقامیەتی قەزای دوکان ئەمڕۆ پێنجشەممە لە ڕاگەیەندراوێکدا باسی لەوەکردوە، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە سنوری ناحیەی بنگرد لە قەزای دوکان لە پارێزگای سلێمانی، درێنک کەوتە خوارەوە.

ئاماژەی بەوەشکردوە، درێنکە لە نزیک گوندی گەمەزە لە سنوری ناحیەی بنگرد کەوتۆتە خوارەوە و هیچ زیانێکی گیانی نەبوە و هێزە ئەمنییەکان چونەتە شوێنی ڕووداوەکە و لێکۆڵینەوەیان دەستپێکردوە.